

# له نێوان ڕەش و سپیدا
# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ کۆمەڵگای نەریتی


**خالید قادر _ رانیە ( هێڤار)**

Hevar_1@yahoo.com


ئەرەستۆ دەڵێت : کاری باش بۆیە باشە کە باشە .

رەش، سپی چەمکێکن لە کۆمەڵگا داخراو و نەریتیەکاندا، بەکار دەهێندرێن، بۆئەوەی تەواوی رووداو و دەرکەوتەو دیاردەکانی کۆمەڵگا ، دابەش بکرێن بۆ دوو ئاراستەی لێك جیاواز ،

ئاراستەیەك کە بە سپی ناودەبردرێت لە کەلتووری باوی کۆمەڵگای نەریتیدا رەوایەتی پێدەدرێت و بە رێگای راست یان کاری باش و چاکەوە ناوزەند دەکرێت، ئاراستەیەکی دیش بە رەنگی رەش ناودەبرێت و بە رێگای چەوت و خەراپ وکاری ناشیرین دادەنرێت و ناودەبرێت .

ئەم دوو چەمکە واتە ( رەش و سپی )لە هەناوی کەلتوور و فەرهەنگی کۆمەلگاوە دێن و زێتر لە دین ونەریت و عەقڵی خێڵ و ستراکتۆرەکانی کۆمەڵەوە ئیلهام وەردەگرن و سیمایەك بە گوتاری کۆمەلگا دەدەن و بەرگێکی پیّ دەبەخشن، کە رەنگدەرەوەی هەمان ئەو گوتارەیە، کە ژیان دابەشی دوو جەمسەری دژ بە یەك و لێکجیاواز دەکات ، دواتر بۆ ژیانی کۆمەلأیەتی و سیاسی و ئابووری تاکەکانی کۆمەلگاوە شۆر دەبێتەوە و بە کۆمەڵێك شێوە و شکلی جیاوازەوە ئاراستە دەکرێت .

رەش و سپی لەم کۆمەلگایانەدا ، هەمیشە بە کۆمەڵێك ووشەی جیاواز و شێوەی جیاواز خۆیان پەخش دەکەن و دێنە ناو پنت بە پنتی ژیانی کۆمەڵەوە ، مرۆڤەکان بۆ دوو شێوە دابەش دەکەن وتەنها دوو رێگا دەخەنە بەردەمی تاکەکانی کۆمەلگاوە ، هەڵسوکەوت و رەوشت و تێفکرین وخۆشەویستی و تەنانەت شێوەی جل پۆشین و نان خواردن و رۆیشتنت ، دابەشی ئەو دوو رەنگە دەکرێت بۆیە پێویستە تۆ لەو دووریانەدا کەسێکی سپی بیت یان رەش ، باش بیت یان خەراپ ، ترسنۆك و شەرمن بیت یان ئازاو بوێرو قارەمان، بە وەفاو دڵسۆزیت یان بێوەفاو سپڵە ، جوانبیت یان ناشیرین . بە ئەخلاق بیت یان بێرەوشت ، هەڵسوکەوتت جوان و مەردانەیە یان ناشیرین نامەرد ....... هتد .

لێرەوە رەش و سپی دەکرێنە هەوین و لەو روانگەشەوە پێناسی تەواوی رووداو و دیاردە و شێوەی ژیانی کۆمەڵیان پێدەکریّ بەشێکیان دەچنە خانەی رەنگی سپیەوە بە سپی دادەنرێن حەلأڵ دەکرێن و رەوایەتیان پێدەدرێت ، بەشێکی تریش دەچنە خانەی رەشەوە و حەرام دەکرێن بە ڤێزەون و کاری ناشیرن و نابەجێ دادەنرێن و وەلا دەنرین ، بۆیە کاتێك تۆ بتەوێت جوانی وەك خۆت ببینێت و ماناو پێناسێکی پێبدەیت، ئەوا دەبێت لە چاویلکەی رەش و سپیەوە لێبروانیت لە چوارچێوەی ئەوەوە تۆ جوان بوون یان ناشیرین بون بیبینیت و لەوێشرا پێناس و مانای خۆتی پێبدەیت .

کاتێك تۆ لە کاری باشەوە بدوێت و بتەوێت باش بوون بناسیت و ئەو هۆکار و بنەمایانە تێبگەیت کە رەوایەتی بە کارێك دەدەن کە باشە و کارێکی تریش خەراپە، ئەوا دەبێت لە چوارچێوەی ئەو گوتارەوە ئیلهام وەربگریت و لە وێشرا بریار بدەیت .

هەموو جۆرە بڕیارێك و كارێك و هەڵسوكەت و قسەكردنێك ، دەبەسترێتەوە بەو دوو ئاراستەیەوە، چونكە لەو كۆمەڵگایەنەدا ، هالەیەك بە دەوری تاكەكانیدا كێشراوە، بۆ ئەوەی هەموویان بە یەك جۆر و بە یەك شێواز بیر بكەنەوە و لە یەكتری بچن، بۆ ئەمەش دەزگا كۆمەڵایەتی و پەروەردەییەكان هەر لە خێزانەوە بگرە بۆ مزگەوت و حوجرە و خێڵ و دیوەخان و قوتابخانە و رێكخراوەكان... هتد بەو دوو رەنگەوە بارگاوی دەكرێن، بۆ ئەوەی لەو فلتەرەوە بەردەوام روحێك بەرەر ئەو گوتارەدا بكرێتەوەو زیندوو بمێنێت ، تا نەوەی نوێ وەك كۆپیەكی پێش خۆی درێژە بەو ریتمە دوو لایەنیە بداتەوەو ببێتە پاشكۆی رووداوەكان .

كۆمەڵگای نەریتی لە رێگای (رەش و سپی)ەوە كار لەسەر ئەوە دەكات كە تاكەكانی كۆمەڵگا بە كۆ بیربكەنەوە و بە گشتی بڕوانن ، وەك (ئیسماعیل بێشكچی) دەڵێت ( گەلی شوانكارە ). گەلێكی شوانكارە بێت و وەك رانە مەڕ و مێگەل بێت ، هەمیشە شوانێك بەرێوەی بەرێ ، بەردەوام كار لەسەر ئەوە دەكات ،كە تاكەكانی گوێگری رێسا و بەها كەلتووریەكانی كۆمەڵگا بن، نەك قسەكەری ژیانی تایبەتی خۆیان بن و بەها و شێوەی رووداوەكان لە قەناعەت و بڕیاری خۆیانەوە ببینن، هەوڵ دەدات تاكەكانی ئامراز و كارپێكراوپێكی ئەو گوتارە بن كە لەسەر ئامۆژگاری كردن وەستاوە ، نەك ببنە كارەكتەرێكی داهێن ئامێز لە ئەزموونی خۆیانەوە لە ژیان بڕوانن .

بە یەك چوونی رۆژەكان و خولانەوە لە ناو بازنەیەكدا ، بە پیرۆز كردنی بەهاكان و خۆ بەستنەوە بە قەدەری ئەوەی دی ، بەشێكی دانەبڕاوە لە كەلتوورێكی داخراو و كۆمەڵگایەكی نەریتی .

ئیدی لەو كۆمەڵگایەدا پێویستە خۆزگە و بەهرە و توانا و خەونەكانت دابەشی ئەو دوو جەمسەرە بكەیت و بەو دوو ئاراستەیەش بیر بكەیتەوە، چونكە رەنگەكانی تر و قسە كردن لەسەر شێوە و شێوازەكانی تر، دەچێتە خانەی بێمانایی و نابەجێییەوە .

بەگشتی ئەو كۆمەڵگایانەی كە هێشتا پابەندی بنەما ئاینی و خێڵەكیەكانن، پشت دەبەستن بە یاسا و دەستورێكی پێشینەوە، لە رێگای ئەو تێكستانەی كە بە پیرۆز دادەنرێن ، یان ئەو بەهاو ئەخلاقیاتەی كە لە مێژووی ئەو كۆمەڵگایەدا بە پیرۆز كراوە، بەرنامەو یاسای ژیانی كۆمەڵگا دیاری دەكەن و شێوەی ژیانی مرۆڤەكان دادەرێژن، كە پێویستە لە چوارچێوەی ئەو گوتارەدا، گەورە بێت و پەروەردە بێت و كار بكات، بۆ ئەمەش هەر لە دایك بونی مرۆڤەوە تا گەورە بوون و تەنانەت مەراسیمی بە خاك سپاردنیشی لە چوارچێوەی ئەو دوو شێوە رەنگە دایە .

لە راستیدا لە نێوان رەش و سپیدا چەندان رەنگی تر هەیە كە دەكرێت بە سەربەخۆیی خۆیان بیانبینین و تەماشایان بكەین ، مرۆڤ لە ئەزمونەوە دەتوانی پێبگات و لە گومان و رەخنە و پرسیارەوە، دەتوانیت باگراوەندی شتەكان بخوێنێتەوە .

باش بوون و خەراپ بوون، مەسەلەیەكی رێژەیەن و پەیوەندیان بە تێگەیشتن و زەمینە و زەمانی خۆیان هەیە ، ئەمە بڕیار و شێوەی ژیانی ئێمەیە، كە بەشێك لە كارەكان بە سپی ناو دەبات و بە شێكی تر بە رەش ، ئەگینا ئەشێ هەر لەو كاتەدا و لە شوێن و جێگایەكی تردا ، ئەم مەسەلە پێچەوانە بێت. چاكە و خەراپە ، بەرهەمی كۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤن و پەیوەندیان بە سروشتی كۆمەڵگاوە هەیە ، مرۆڤ دەتوانێت لە دەرەوەی چاكەو خەراپەوە لە ژیان بڕوانێت و كار بكات . وەك كارەكتەرێكی سەربەخۆ كاریگەری بەسەر رووداوەكاندا هەبێت و خەیاڵ پەرەوازی بكات و دابهێنێت .

جیاوازی ، كەلتووری جیاوازی ، قبوڵ كردنی رای ئەوی دی، بینینی رەنگەكانی دی ، مرۆڤ دەباتە ئەو ئاقارەی كە لە دەرەوەی رەش و سپیدا ، لە ژیان بڕوانێت، لە نێوانی ئەو دوو چەمكەدا، دنیایەكی دی هەیە كە هەموو پیرۆزیەكان دەشكێنێت .

مرۆڤ پێویستە خۆی كارەكتەری سەرەكی ژیانی خۆی بێت و لە دەرەوەی مۆراڵ و نەریتەكانی كۆمەڵگاوە، سەیری هێڵە وورد و درشتەكانی ژیان بكات .

ئیرادەی گۆران ، سەیر كردنی رووداوەكانە وەك ئەوەی كە هەن و مامەڵەیان تێدا دەكەی، نەك وەك ئەوەی كە بۆمان دیاری دەكەن و پێمان دەڵێن .